www.kurdistannet.org
02/04/2002 19:49

# صوفیا حوسەینی ئازاد کرا!

## ریگا رووف

*رۆژی ٣/٢٥ دادگای شەریعەی نایجیری صوفیا حوسەینی ئازاد کرد!*

صوفیا حوسەینی کە دایکی پینج منداله و خەلکی نایجیریایه لەپاییزی رابردووەوە حوکمی بەردباران کردنی درا بە دەلیلی ئەوەی پەیوەندەی سکسی هەبووە لەدەرەوەی خیزان، بەلام حوکمەکەی دواخرابوو بو ٣/٢٥ تا مندالە ساواکەی لە شیر دەبریتەوە. صوفیا دەلیت وەختیك زانیيان پیم پولیس هەموو جیگایەك بەدوامدا دەگەران منیش چوومە دێیەکی تر تا خوم بشارمەوە بەلام براکەم منی تەسلیمی حکومەت کردو یەکسەر دەستگیر کرام.

شایەنی باسە سێ سال لەوە پیش لە نایجیریا حیزبی کونەپەرستو دژی ژنی ئیسلامی بەهیزی چەك هاتە سەر حوکم. دەولەتی تازەی نایجیری یەکسەر قانونی ولاتی کردە شەریعەتی ئیسلامو حوکمی رەشی بن لادنو سەردەمی خەلافەت، تەواوی مافو خواستەکانی ژنانی پاشە کشەیان پیکراو حیجابی داسەپاند بەسەریاندا. بەردباران کردنی ژنانیك کە لەدەرەوەی خیزان پەیوەندی سکسییان هەبیت هەر بەو جورەی کە لە ولاتانی ئیرانو ئەڤغانستانو... بەریوە دەچیت دیاری ئەو رژیمە بوو بو ژنان. ئەوە جگە لەبرسیتیو مەحرومیەت لەهەر جورە ئیمکاناتیکی صحیو دەرمانیو تادەگاتە نەبوونی ئاوو کارەباو خوشگوزەرانی...

دوای گرتنە دەستی دەسەلاتی رەشی ئیسلام لە نایجیریا، صوفیا یەکەم ژن بوو کە حوکمی بەردباران کردنی درابوو تامردن.

کەمپینی دیفاع لە گیانی صوفیا لە ئەورووپاو ئەمریکاو تەواوی ولاتانی دونیا روژ لەدوای روژ پەرەی سەند. نەفرەتو نارەزایەتی بەملیون خەلکی شەریفو ئینسان دوست لە دونیا بەدژی ئەو تاوانە سەرسام هینەرە بەرزو بەرز تر بووە. لەتەواوی ولاتانی ئەورووپا بەدەیان و سەدان یاداشتنامەی نارەزایەتی کرایە سەر دەولەتی نایجیریا، وە ئەو تاوانەیان مەحکوم کردو داوایان کرد کە پاشگەز بیتەوە. لە رومای پایتەختی ولاتی ئیتالیا بە سەدان هەزار کەس ریپیوانیان سازدا، ئەم کەمپینە لەماوەی یەك هەفتەی رابردوودا ئەوەندە رادیکال بوو هیچ مەرزو جیاوازییەکی رەگەزیو قەومیو...نەدەناسی، ئەوەندە بەهیزو پرجوش بوو کە تەواوی کەنالەکانی سویدو ئەورووپا چاوەروانی نەتیجەی کوتایی مەحکەمەی بوون کە ئەمرو روژی ٣/٢٥ دەبوایە بریار بدرایە کەی بەرد باران دەکریت!؟. قسەکەری ئەمنستی ئەنترناسیونال لە تلفزیونی سویدەوە رایگەیاند کە ئیمە دەبیت فشار بهینین تا حکومەت لەم کارەی پەشیمان بیتەوە، ئەگەر توانیمان ئەم کارە بکەین ئەوا سەرکەوتنیکی گەورە بەدەست دینین وە دەتوانین بەر بگرین بە تراژیدیایەك کە خەریکە دەست پیدەکات لەدژی ژنانی نایجیری بەهوی شەریعەتی ئیسلامەوە.

هیزی رادیکالو ئینسان دوست لەدونیا بە نەفرەت کردن لە قەوانینو حوکمی شەریعە هاتنە مەیدان وە ئەوەیان دووپات کردەوە کە ئیتر بەشەریەت تەحەمولی دونیای تاریكو کوشتو کوشتاری ئیسلام ناکات، وە ئیتر تەمەنی بەسەر چووەو روژانیکی زوری نەماوە کە دوکانو دەستەو دایەرەی تاقمی ئیسلامی لە دونیا بنبر بکریتو بپیچریتەوە. هەر دوینیو لەیادی سەری سالی تازەی ئیراندا ژنانی ئیران ئەو پەیامەیان دووبارە کردەوە دەیانوت "جمهوری ئیسلامی ئیتر قابیلی قبول نییە"، "ئیران یەك زیندانی گەورەیە بو ژنان" وە هەموو ئەو ژنانەی کە چاوپیکەوتنیان لەگەلدا کرا لە قسەو جلو بەرگو رەفتارو موناسەباتیاندا بەحەق حوکمی مەرگی ئیسلامیان دابو. لەنیوچاوانیاندا ئەو ئومیدە دەبینرا کە روژی رزگاربوون لەستەمو جەوری ئیسلام نزیكو حەتمیيە. تەنها بە روخانی جمهوری ئیسلامی ئیرانو تالیبانو نایجیریو

©KurdistanNet

**سودانیو... ژنانی خورهەلات دەتوانن هەوایەکی ئازادو دوور لە سەرکوتی ئیسلامی هەلمژن. ئەمانە پەیامیکی هاوپشتیو مژدەیەکی خوشە تەنانەت بو ژنانی کوردستانیش کە وەك هەموو ژنانی ولاتانی جیهان هەستنو بچنەوە بەگژ ئەو دابو نەریتە رزیوو دواکەوتوانەیەی کە هەرەشە لەگیانو کەرامەتیان دەکات. ئەو قانونانەی کە هیشتا گویو لوتی کورانو کچان دەبریتو لەلایەن ئەحزابی دەسەلاتدارەوە پاریزگاری لیدەکریت. دەرکرنو پاك کردنەوەی کوردستان لەتاقمەکانی بن لادنو هاوبیرەکانیان دیسانەوە ئەمریکی حەیاتیيە. لە کوردستانی عیراق دەبی کوتایی بیت بە حوکمو قەوانینی بەعسی ئیسلامی،تەنها بەلەگورنانی ئەوانە و دانانی قەوانینی ئینسانیو مەدەنی کوردستان دەبیتە کومەلگایەك کە پیّی بووتری مافی ئینسانی تیدایە.**

**کشانەوەی دەولەتی ئیسلامی نایجیری لە بریارەکەی دەستکەوتیکی گرنگو ئینسانیيە بو ژنان لە دونیا بەگشتیو لەخورهەلاتی ناوەراست بەتایبەتی. وە ئەم دەسکەوتە ئەوە تاکید دەکات کە مافەکانی ژنان جیهانیيەو هیچ مەرزیك ناناسیت.**

***بژی خەبات بو ئازادی صوفیاکان!***

۲۰۰۲/۳/۲۵

©Kurdistan Net